السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەی پێغەمبەری خودا، بەبێگومان خودا شەرم لە گەیاندنی هەق وڕاستی ناکات، ئایا ئافرەت خۆشۆردنی لەسەر واجبە ئەگەر تووشی لەشگرانی بوو لە کاتی خەودا؟ وپێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر مەنی بینی

لە ئوم سەلەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئوم سولەیم خێزانی ئەبی تەڵحە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، بەبێگومان خودا شەرم لە گەیاندنی هەق وڕاستی ناکات، ئایا ئافرەت خۆشۆردنی لەسەر واجبە ئەگەر تووشی لەشگرانی بوو لە کاتی خەودا؟ وپێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «بەڵێ، ئەگەر مەنی بینی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئوم سولەیمی ئەنساڕی -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ ئەوەی پرسیاری لێبکات، چونکە پرسیارەکەی سەبارەت بە شتێک بوو پەیوەندی بە شەرمگەوە (عەورەتەوە) هەیە و زۆرجار شەرمەدەکرێت لە باسکردنی بابەتێک کە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەبێت بۆیە ئەویش ڕستەیەکی ووت بۆ ئەوەی پێشەکی بێت بۆ ئەوەی باسی دەکات وبۆ ئەوەی ئەوانەی دەیبیستن ئاگایان لە قسەکانی بێت. ووتی: خوای گەورە ناوی -الحق- واتا هەقە، وهەرگیز شەرم ناکات لە گەیاندنی هەق وڕاستی بەهۆی شەرمەوە، ئەگەر گەیاندنی هەق وڕاستی سوودی تێدا بێت، وکاتێک ئوم سولەیم ئەم پێشەکیەی باسکرد؛ چووە نێو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، ووتی: ئایا ئافرەت خۆشۆردنی -غوسڵی- لەسەر واجبە ئەگەر لە خەودا ببینێت جیماع دەکات؟ ئەویش -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: بەڵی، ئەگەر مەنی دەرچوو ئەوا خۆشۆردنی لەسەر واجبە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3351

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee